# بۆکان و "هیأت نمایندگی خلق کرد"

(بەشی 5 و کۆتایی)

ئەنجام:

ئێستا کە زیاد لە 30 ساڵ بە سەر ئەو ئەزموونەدا ڕادەبرێت، هەڵسەنگاندنی من لە هەیئەت نمایەندەگی گەلی کورد بەم چەشنەی خوارەوەیە:

1. ئەزموونێکی باشی تەبایی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی گەلی کورد بوو و سەرەڕای جیاوازیی هەڵوێست و بۆچوون کە سروشتیی قۆناغێکی ئەوتۆی ڕاپەڕینی خەڵکە، دەسکەوتی باشی هەبوو و حکوومەتی ناچار کرد مل بۆ ووتووێژ دابەرێت؛

2. فیدائیان وەک هێزێکی سەرانسەریی ئێران و ڕێکخراوەیەک کە سیاسەتەکانی لە تاران دادەڕژا، سیاسەتی سەرانسەرییان لە ئێران و هەڵوێست لقی کوردستانیان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ یەکتردا جیاواز وناتەبا بوو و دوای جیابوونەوەی "چریکهای فیدائی خلق" و بەتایبەت دوای دابەش بوونی بەسەر ئەکسەرییەت و ئەقەلییەتدا، گێژوگومی و سەرلێشێواوییەک لە ناو ئەندامانی لقی کوردستان پێک هاتبوو.

ڕێکخراوەی فیدائیان لە کوردستان لەوە کەم تەمەنتر و کەم ئەزموونتر بوو ئەرکێکی وا گەورە وگرانی وەک بەرنامەدانان بۆ چارەنووسی سیاسی کوردی پێ بسپێررێت، ئەندامەکانیشی هەموو گەنج بوون و سەرچاوەیەکی فیکریی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نەبوو کەڵکی لێ وەربگرن. وەک لە بەشی پاشکۆدا دەبینین، سیاسەت و بەرنامەیان لەمەڕ کوردستان لە سەرچاوەیەکی وەک کتێبی کەم ناوەرۆکی "پرسی نەتەوایەتی" ستالین وەردەگرت کە نەک هەر لە کوردستان و ئێران بەڵکوولە ڕووسیای سۆڤیەتیش بەرێوە بردنی نەگونجاو بوو. ستالین نە نووسەر بوو نە تیئۆریسیەن و ئەم کتێبە تەنیا لە بارودۆخی دیکتاتۆریەتی سۆڤیەتی ئەودەمدا 'کتێب' بوو، ئیتر ڕەوتی کێشەی لەمێژینەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ڕێبازی ئەوتۆدا بردن دەبێ لە کەم بەختیی گەلی کورد و ناشارەزایی لاوانی سەرەپەت بەدەست بپرسرێت!

بەبۆچوونی من، ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ، دەکرا دەوری ڕاوێژکار و هاوهەنگاوی وتووێژکەرانی کورد ببینێت، بەڵام نەدەبوایە وەک لایەنێکی وتووێژەکان بهێنرێتە ناو هەیئەتەکەوە کە دواتر بەرەو سیاسەتێکی وا بڕوات ڕژیمی خومەینی بە دژی ئەمپریالیست بناسێت و کورد بە "ضدانقلاب"- سیاسەتێک کە بێگومان هیچ لایەنگرێکی لەناو ئەندامانی کوردی ڕێکخراوەکەدا نەبوو و لەبیرمە نەمر بیهروزی سولەیمانی هاواری دەکرد و دەیگوت هەرئێستا پاسدارەکان پێشمەرگەی ئێمە بە تانگ و تۆپ دەکووژن، من چۆن بە لایەنگرەکانمان بڵێم ئەوانە دژی ئەمپریالیست و دۆستی گەلن؟ بەڵام سیاسەتی

ڕێکخراوەکە لەتاران و لەژێر گەلێ فاکتەری وەک نفووزی حزبی توودەی ئێراندا دادەڕژا و لقی کوردستا ن نەیدەتوانی بۆ هەمیشە دژی سیاسەتە گشتییەکانی ناوەند بوەستیت، کە نەوەستا و لەئەنجامیدا تووشی هەرەس و بەدناوی هات و خوێنی ئەو هەموو شەهیدەشمان بەباچوو.

3، مامۆستای بەڕێز شێخ عیززەددین بە ڕوانگەی ڕوونی لەمەڕ داخوازییەکانی گەلی کوردەوە، بەحەق دەبوایە ئەندامی هەیئەتی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت بێت. بەڵام کارێکی باش نەبوو دەفتەری مامۆستا بکرێتە ڕێکخراوەیەکی سیاسی و دەفتەرەکە بەشداری هەیئەتی نوێنەرایەتی بکات. دەوری مامۆستا ئەگەر وەک دەوری ئایەتوڵڵا سیستانی لە عیراق بمایەت سوودی زیاتری بۆ خەباتی گەلی کورد دەبوو و دەیتوانی جێگەی پرسیار و پەنای هەموو ڕێکخراوەکان بێت. هەرچەندە ماوەیەک پاش ئەو ڕووداوانە، کورد ئەم ڕێگایەشی تاقی کردەوە و نەمر مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی پێش تیرۆرە ناجوانمێرانەکەی ویستی وەها دەورێک بگێڕێ وسەرنەکەوت. بەئاشکرا حکوومەت ئامادە نەبوو سەر بۆ خواستەکانی گەلی کورد دابنەوێنێت و هیچ نییەتێکی پاکی بۆ چارەسەری پرسی کوردی نەبوو و بە کردەوەش هەنگاوێکی بۆ ئەو لایەنە هەڵنەهێناوە. سەرەڕای ئەو ڕاستییەش، ئێستا هەندێک لایەن هەن کە گەلی کورد تۆمەتبار دەکەن بەوەی شەرخواز بووبێت و ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکەی بەستبێت. زمان ماسوولکەیە، بەهەرلایەکدا بتەوێت دەگەڕێت، بەتایبەت زمانی سیاسەت کە تێکەڵاوی بەرژەوەندییە و واهەیە کەم جار بەلایەنی ڕاستدا بگەڕێت!

4. کۆمەڵە گەرچی بە ژمارەی لایەنگر لە حزب بچووکتر بوو بەڵام هێزێکی بەرچاوی ڕووناکبیرانی لەگەڵ بوو کە دەیتوانی لەجیاتی هەوڵ لەپێناو بەهێزترکردنی سوپایی خۆی و خۆگەیاندنە ڕیزی حزبی دیموکرات، وەک هێزێکی سیاسی دەوری بەرچاو لەووتووێژەکاندا ببینی و نەک هەر یاریدەدەری حزب بەڵکوو ڕاستکەرەوەی هەڵەی کارەکانی ئەوانیش بێت. چەق بەستنی زۆری ئەوان لە سەر هێزی چەکدار و ناردنی ئەندام و لایەنگرانی ڕووناکبیری شار بۆ گوندەکان و دوورخستنەوەیان لە ژینگەی ڕووناکبیریی، گەرچی لەگەڵ سیاسەتی حزب و ڕێکخراوە مائۆئیستییەکاندا یەکی دەگرتەوە و کارێکی قانوونمەندی ئەو بیروباوەڕە بوو، بەڵام لەگەڵ هەل ومەرجی ئەودەمی کوردستان بە گشتی و سیاسەتی هاوکاری کردنی ناو هەیئەتی نوێنەرایەتی دا یەکی نەدەگرتەوە. هەوڵ لە پێناو بەدەستەوەگرتنی "هێژێمۆنی" و بوون بە هێزی یەکەمی خاوەن دەسەڵات لەکوردستان، کێشەی یەکیەتی و پارتی هێنایە ناو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکیترەوە ئەوانی لە بەرانبەر حزبی دیموکرات دانا. وەک دیتمان، ڕووبەڕووبوونەوەکان درەنگتر تەقینەوە و ئاکامی چەپەڵی وەک شەڕی براکوژییان لێ کەوتەوە. سیاسەتی پشتگیری لە فیدائیان و هاوردنیان بۆ ناو هەیئەتی نوێنەرایەتی، تەنانەت دەورگێڕانیان لە "دەفتەری مامۆستا" ش هەر لەو پەیوەندییەدا بوو و بەداخەوە هیچکام لەو هەنگاوانەش لەو قۆناغە تایبەتەدا خزمەتی سەرکەوتنی وتووێژەکانیان نەکرد.

5. حزبی دیموکرات بە حیسابی ژمارەی زۆری لایەنگر و مێژووی ڕابردووی خەباتیان لەکوردستان، لە هەڵسەنگاندنی هێزی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی پەرەئەستێن تووشی هەڵە هات. ئەوان سیاسەتی حزبیان وەک سیاسەتی سەردەمی کۆماری کوردستان دەبینی، کە تاقە هێزی ناوچەکە بوون و ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو نەگرت کە لە دەرەوی موکریانیش کورد هەن و دەتوانن بڕیاردەربن. ئەو کۆپی کردنە لە لایەک لە ناوچەکانی باشوورتری غافڵ کردن و کرماشان و ئیلام و تاڕادەیەکیش شاری سنەیان لەدەست چوو، لە لایەکیش حیسابیان بۆ هێزی گەورەی کۆمەڵە نەکرد کە لە دەرەوەی موکریان و تەنانەت لە موکریانیش بەشێکی بەرچاوی خەڵک و بەتایبەت لاوانی خوێندەواریان لەگەڵ کەوتبوون.

ئەگەر حزب وکۆماری کوردستان لە گوندی سەرای نێوان سەقز و بۆکان نەیانتوانی بەرەو باشوور بڕۆن هۆکارەکە، بوونی سوپای سۆڤیەت و پەیمانی ڕووس و ئینگلیزی ساڵی 1907 و 1915 بوو. لە ساڵی 1979 دا گەلێک شت گۆڕابوو کە بەداخەوە لانیکەم بەشێکیان لەبەرچاوی ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان ون بوون. هەر ئەوەش بوو بەهۆی ڕوبەڕووبوونەویان لەگەڵ ڕاستییەک کە بریتی بوو لە چوونە ناو هەیئەتی نوێنەرایەتی وەک هاوپەیمانییەکی چوار لەیەنە، کە سێ لایەنی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەودا کۆک نەبوون (مامۆستا وەک تاکەکەس لەو حیسابە دەردەهاوێژم). حزبی دیموکرات زیاد لە هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەوڵی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دا، بەڵام لە ناوخۆی کوردستان و لەبەرانبەر هێزی ڕێکخراوە چەپەکان بەتایبەت کۆمەڵەدا ئەو سەرکەوتنەی نەبوو کە بتوانێ وەک نوێنەری زۆرینەی جەماوەر دەوری سەرەکی لە سیاسەتەکانیشدا بگێڕێت و لەئەنجامدا حکوومەتی ناوەندی مەجبوور بە دانی مافەکانی گەلی کورد بکات.

سەرەڕای هەموو ئەو لاوازی و هەڵە وپەلانە، پێکهاتنی هیأت نمایندگی خلق کرد" و کارپێکەوە کردنی چەند لایەنی سەرەکی خەباتی سیاسی ئەوڕۆژانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەسکەوتێکی مەزن بوو و ئەزموونی پێکهاتنی دەتوانێت ببێتە چرایەکی ڕوونکەرەوەی ڕێگا بۆ خەباتی دواڕۆژی گەلی کورد.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

**ئا.** ئەم یادداشتانە تەنیا بە یارمەتی بیرەوەریی ئەو ساڵانە نووسراون و دڵنیام دەبێ هەڵەیان تێکەوتبێت. بەڵام با خوێنەر لە یەک خاڵ دڵنیا بێت: من بە دەستەقەسد هەوڵی گۆڕانی هیچ ڕاستییەکم نەداوە، لایەنم نەگرتووە و بۆ لای خۆمم دانەتاشیوە، لە ساڵێک دوای ئەو ڕووداوانە، واتە 30 ساڵ پێش ئێستاوە لەڕێکخراوەی فیدائیانی ئەکسەرییەت هاتوومەتە دەرەوە و چیتر ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی نیم؛ دژایەتی و دوژمنایەتیشم نە لەگەڵ حزبی دیموکرات هەیە نە لەگەڵ کۆمەڵە و نەلەگەڵ فیدایی، بەپێچەوانە لەگەڵ گەلێک ئەندامی لایەنەکان دۆستم. کەوابوو ئەگەر بەشێک لە بیرەوەرییەکانم ڕاست و تەواو نەبن تەنیا لەبەر ئەوەبووە کە لەبیرم نەماوە، یا لەوەزیاترم لێ نەزانیوە. با خەڵکانی دیکە هەڵەکانم ڕاست بکەنەوە. هەر بۆچوونێکیش لەم بارەیەوە هەبێت وبگاتە ماڵپەری ڕۆژهەلات – بۆکان بە پێخۆشییەوە بە بێ دەست تێوەردان بلاو دەکرێتەوە. لە کۆتایی کاردا، ئامانج لە نووسینی ئەم جەشنە یادداشتانە زانیاری بەخشینە بە کۆمەڵگا و بە تایبەت نەوەکانی داهاتوو، نەک ڕقەبەرایەتی و یەکتر پووچاندنەوە. جا ئەگەر وا بێت کە ئامانجی منە، من بینووسم یا کەس و کەسانیتر، بەمەرجێک شێواندن و سووکایەتیی بە لایەنە سیاسییەکانی تێدا نەبێت، یارمەتیدەری خەباتی گەلە و حەق وایە پێشوازیی لێبکرێت.

**ب.** دوای دابەش بوونی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق بە سەر دوو باڵی ئەکسەرییەت و ئەقەلییەتدا، من لەگەڵ ئەکسەرییەت مامەوە. لە نووسینی بابەتەکانی سەرەوەدا هەندێک جار واهەیە ڕووداوەکان لە سەردەمی دوای ئەو دابەش بوونەدا ڕوویان دابێت و کەسایەتییەکان سەر بە ئەم یا ئەو تەیار بووبێتن، بەڵام من بە باشی مێژووی ڕووداوەکانم لەبیر نەماوە و هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە من خۆم سەر بە ئەکسەرییەت بووم و ئەقەلییەت لە دابین کردنی سیاسەتەکانی ئێمە لە کوردستاندا دەوریان نەبوو، تەنانەت ناحەزی و نێوان ناخۆشیش لە نێواندا بوو کە درەنگتر تا ڕادەی دژ بەیەکتر وەستانیش چووە پێشەوە.

**پ.** هۆکاری دامەزراندنی ئەم باسە لێرە واتە لە زنجیرە ووتاری "بۆکان لەمێژوودا"، بەشدار بوونی چوارکەسی خەڵکی بۆکان لە ناو هەیئەتەکە و دەوری بۆکان لە ووتووێژەکان و هەروەها نووسرانی گەڵالەی پێشنیارەکان بەتایبەت مادەی هەشتەمی بوو. ئەندامانی بۆکانیی هەیئەتی نمایەندەگی کورد بریتی بوون لە:

-- نەمر **مینەی شێرخانی**، کە لە لایەن فیدائیانی خەلقەوە ئەندامی هەیئەتەکە بوو؛

-- نەمر **دوکتۆر جەعفەری شەفیعی**، کە لەلایەن کۆمەڵەوە ئەندامی هەیئەتەکە بوو؛

- ڕێزدار **عەبدوڵلای موهتەدی**، کە لەلایەن کۆمەڵەوە ئەندامی هەیئەتەکە بوو؛

-- من - **ئەنوەری سوڵتانی** ش، کە لەلایەن فیدائیانی خەلقەوە ئەندامی هەیئەتەکە بووم.

یادی ئەندامانی شەهیدی هەیئەت لە حزب وکۆمەڵە و فیدایی بەخێر و تەمەنی جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینیش کە لەم ڕۆژانەدا نەخۆش و لە نەخۆشخانەیە، درێژ بێت.

<u>**تێبینی:**</u>

*ئەم ووتارە لە ماوەیەکدا نووسراوە کە نەمر مامۆستا شێخ عیزەددین لە نەخۆشخانەیەکی ووڵات سوئێد کەوتبوو ودواتر لەوێ کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی سلێمانی ئەسپاردەی خاک کرا. یادی بەخێر بێت.*

کۆتایی وتارەکە.

## پاشکۆکان:

### 1. <u>ئیمەیلی کاک برایم فەرشی:</u>

دوای نووسرانی ئەم بابەتە و پێش بڵاوبوونەوەی، بەختی ئەوەم هەبوو کە چەند دۆست و برادەری شارەزا بۆچوون و زانیاریی خۆیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەیان بنووسن وبۆمی بنێرن کە لێرەدا سپاسیان دەکەم. بەشی زۆری بۆچوون و زانیارییەکانم ئامێتەی ووتارەکە کردووە، بەڵام بە باشم زانی ئەم یادداشتانەی خوارەوە بە شێوەی سەربەخۆ بڵاو بکەمەوە. یادداشتەکان برای بەڕێزم کاک برایمی فەرشی نووسیونی، کە لێرەدا سپاسی دەکەم:

*"لە بەر ئەوەی من لە جەریانی شەڕی سێ مانگە(ساڵی ١٣٥٨)، لە شاخ بەرپرسی ئینتشاراتی شاخە [ی کوردستانی سازمانی فیدائیانی خەلق] بووم، ئاگاداری هێندێک ڕووداو هەم کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردەوە هەیە...*

*دوای ئەوەی خومەینی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ وەک فەرماندەی هێزەکانی نیزامی ئێران پەیامی ئاشتبوونەوە لە گەڵ کورد و ڕاگرتنی شەڕ لە کوردستانی ڕاگەیاند و باس لە وتووێژ لە گەڵ کورد هاتە کایەوە، پرسیارێکی جیددی لە نێوان چریک و کۆمەڵە هاتبووە ئاراوە، ئەویش نەبوونی تەرح و بەرنامەی خودموختاری لە لایەن ئەو دوو سازمانەوە بوو.*

ئەوان دەیانزانی کە حزبی دێموکرات گەڵاڵەی ئامادە کراوی هەیە و کۆمەڵە و فیدایی لە دانیشتن لە گەڵ حزبدا ئەگەر گەڵاڵەی خۆیان نەبێ، دەکەونە ژێر هێژمۆنی سیاسی و بەرنامەیی حزبی دێموکراتەوە.... ئەو دوو سازمانە کە خۆیان بە نوێنەری زەحمەتکێشان دەزانی، کەوتنە خۆ بۆ گەڵاڵە کردنی بەرنامەی سیاسی خۆیان بۆ کوردستان بە مەبەستی وتووێژ لە گەڵ حزبی دێموکرات و حکوومەت. هەر بۆیە هەر دوو لا لەسەر ئەوە پێک هاتبوون کە هەتا هاتنی مەوعدی کۆبوونەوە لە گەڵ حزبی دێموکرات گەڵاڵەی خۆیان بۆ خودموختاری ئامادە بکەن.

ئەو سەردەمە رێبەرایەتی چریکی فیدایی و کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عیزەددین لە گوندی شێنێ بوون کە گوندێکی کاولکراوی باشووری کوردستان بوو.

لە مەقەری سەرکردایەتی چریک فەدایی سێ کەس دیاری کران بۆ نووسینی گەڵاڵەی خودموختاری فەدایی: جەواد، مینەی شیرخانی و کەسێکی دیکە کە لەبەر هۆکاری ئاسایش ناوی ناهێنم. تەنیا سەرچاوە کە لە بەر دەست دابوو کتێبی "ئیستالین و مەسەلەی میللی" بوو. ئەو سێ کەسە هەرکام دوو رۆژ کاتیان هەبوو کتێبەکە بخوێننەوە و گەڵاڵەی خۆیان ئامادە بکەن. دوای خوێندنەوەی کتێبەکە هەر سێکیان دانیشتن و لە سەر گەڵاڵەکە قسەیان کردوو و کۆبەندی بیروڕای هەرسێکیان بوو بە گەڵاڵەی "خودموختاری بدست شوراها".

ئەم گەڵاڵەیە بە دەستی من لە چەند نوسەخەدا تایپ کرا، پاش تەواوبوونی گەڵاڵەکە بە پێی بڕیاری پێشوو دەبوو نوسخەیەک بەرم بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە. من چووم بۆ مەقەڕی سەرکردایەتی کۆمەڵە کە زۆر لە ئێمەوە دوور نەبوو، کاتێک گەیشتمە شوێنەکە کاک عەبدوڵا موهتەدی، کاک سەلاح موهتەدی و کەسانی دیکە لە بەر مەقەڕەکە پیاسەیان دەکرد، من نوسخەی دووهەمی ئەو گەڵاڵەیەم دایە دەست کاک عەبدوڵا موهتەدی. سەرکردایەتی کۆمەڵە هەر ئەو شەوە چەند گۆڕانکارییەکی سووکیان تێدا کردو و رۆژی دواتر هەر دوو سازمانی چریک فیدایی و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوون بە خاوەنی گەڵاڵەی خودموختاری. دواتر هەر دوو سازمان گەڵاڵەی خۆیان بە زمانی کوردی و فارسی لە کوردستان بڵاو کردەوە. ئەوەی ئەو گەڵاڵەیە چەندە سێ لایەنی حزب و کۆمەڵە و چریکی لە یەک نزیک یان دوور خستەوە و یان لە وتووێژەکاندا چەندە شوێنی لە سەر گەڵاڵەی گشتی خودموختاری هەیئەتی نوینەرایەتی کورد دانا، دەبێ ئێوە بزانن. ئەو گەڵاڵەتە جیاوازە لە گەڵاڵەی 26 مادەیی و 8 مادەیی و 6 مادەیی کە دواتر لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە ئاراستەی دەوڵەتی ئێران کران."*

هەر وەک باسم کرد لە کۆبوونەوەکانی لایەنەکان لە گەڵ یەکتر لە شاخ، باسی ناوەرۆکی داخوازی هەر لایەنێک بە پێی بەرنامەی حزبی و سازمانیان کرابوو، بەڵام ئەگەر هەڵەم نەکردبێ هیچکام لە بەرنامەکانی حزبەکان نەبووە بنەما و پایە بۆ داوای خودموختاری، لە ڕاستیدا کۆمەڵە و فیدایی ئامانجیان ئەوە بوو، نەچنە ژێر قەبووڵی بەرنامەی کلاسیکی حزب، کە پێم وایە مەبەست لە نووسینی ئەو گەڵاڵەیش هە ئەوە بوو، بەو ئامانجەش گەیشتن. گەڵاڵەی ٨ مادەش کە دواتر ئامادە کرا ڕەنگدانەوەی زەقی بەرنامەی لایەنێک نەبوو.

---

* ئەو ڕووداوە دواتر بوو بە مایەی فکریی، بۆ نووسینی شانۆنامەی "خودموختاری یانی چی؟" کە دواتر لە لایەن تیپی شانۆی لاوی بۆکانەوە لە پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەقز و سنە پێشکەش کرا.

*کۆڵن 2011/02/21*

## 2. **وتووێژ لەگەڵ هاشم سەبباغیان**

ئەم وتووێژە، 'لوتفوڵڵای مەیسەمی' ئەندامی جیابووەوەی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەلق و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری "چشم انداز ایران" لەگەڵ 'هاشم سەبباغیان' وەزیری ناوخۆی کابینەی بازرگان و ئەندامی هەیئەتی دەوڵەت لە وتووێژ لەگەڵ کوردی کردووە و لە ماڵپەڕی 'مەیسەمی دات کام' دا بڵاو بۆتەوە، ئینجا کاک قەرەنی قادری وەیگێڕاوەتە سەر کوردی ولە ماڵپەڕی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە.
سپاسی زۆر بۆ کاک قەرەنی و هەروەها بۆ مامۆستا گۆرانی خۆشەویست کە بۆی ناردم.

سەبباغیان لێرەدا هەندێک ڕاستی سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتی شا بەرانبەر بە گەلی کورد دەخاتە ڕوو، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتی کاتیی بازرگانیشدا وەک خۆیان مانەوە و لە ئێستای ئێراندا بە زەقی و ئاشکرایییەکی زیاترەوە پەیڕەو دەکرێن- ئەویش پەراوێزکردنی کوردستانە و مۆڵەت نەدان بە گەشەی ئابووری و بەرگریکردن لە دامەزرانی کارخانە و کارگە بۆ ئەوەی کریکاری ناپسپۆڕی کورد بەهەموو ئێراندا بڵاوە بکەن و هیچ شوێنێکی کوردستان ئاوەدانی وکۆبوونەوەی سەد کرێکار و بەخۆیەوە نەبینێت. ئەو سیاسەتە پەیڕەوکراوە ئەگەر لە چوارچێوەی بەرنامە گشتییەکانی حکوومەتی ناوەندیدا سەیر بکرێت دەزانرێت لە سەردەمی وتووێژەکانی هەیئەتی دەوڵەتیشدا سیاسەتێکی جیددی بۆ لابردنی ئەو بێعەدالەتییانە لە ئارادا نەبووە و کورد نە بە گەڵاڵەی 6 مادەیی و نە بە 8 و نە بە 26 نەیدەتوانی لەگەڵ حکوومەتێکی ئەوتۆ بگاتە ئەنجامی چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەی کێشەکانی کە هەم سیاسی بوون و هەم ئابووری و هەم فەرهەنگی و ئێستاش هەر هەن!

. ئەوە دەقی وتووێژەکەیە بەکوردی:

* لە مامەڵە لە گەڵ پارتەکاندا بە چ تاکتیک گەیشتن؟

** ڕاوێژمان لە گەڵ ئیمام کرد و ئیزنی وتوویژ لە گەڵ پارتەکانمان لێ وەرگرت. لە پێکهاتەی ئەواندا کۆمەڵە، شێخ عیززەددینی حوسێنی قوت کردبۆوە، دیموکراتیش هەروەها. ئاغای محەممەد عەلی عەمووی لە لایەن حیزبی تودەوە پەیوەندیی نێوان ئێمە و حیزبی جۆراوجۆر وەکوو ڕزگاری، پەیکار، چریکە فیداییەکان، کۆمەڵە و دیموکرات بوو. مجاهدینیش بوون. تا ئەو جێگایە کە مەسعوودی ڕەجەوی‌یان وەکوو پاڵێوراوی سەر کۆماریی ڕاگەیاند بوو. (کۆتایی ۱۳۵۸ بوو)

ئێمە یەک یەک، چووینە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، وردە وردە، سنە کەوتە ژێر دەستمانەوە. ئاسایشمان هەبوو، بەڵام شەوانە نەمان بوو. لە لایەن گرووپەکانەوە بەشێوازی جۆراوجۆر تەقە لە شوێنی ئێمە دەکرا. خەڵکی سنە متمانەیان بە ئێمە کرد بوو، ئێمە دەچووینە شارەکانی تر. تا کاتی ڕووداوی مەهاباد و کوژرانی سەرۆکی شارەوانیی دیاری کراو لە لایەن ئێمەوە. شەو دەچنە ناو ماڵەکەی و سەری دەبڕن کە ئەمەیان بۆ ئێمە گرفتی ناوە و لە سەرمان گران تەواو بوو.

* هەڵوێستی گرووپەکان سەبارەت بە هەیئەتەکە، یەکدەست نەبوو؟

** لە هەمووان نزیکتر لە ئێمە، حیزبی دیموکرات، بە ڕێبەریی قاسملوو بوو. کۆمۆنیستەکان عیززەددینی حوسێنیان کردبووە ڕێبەری خۆیانەوە کە تەنیا تاڵایەک بوو و لە بەرامبەر ئێمەدا بەرزیان کردبۆوە، لە ڕاستیدا دەدەست کۆمەڵە دابوو. حیزبی دیموکرات دڵی پێمە دابوو، بەڵام عیززەددینی حوسێنی ئەمەی قبووڵ نەبوو.

by: Ghaderi Gharani

Kurdistanpress.com